# وانەی (٢٩)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پەندەکان |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( پەندەکان 1، ٣، ٤، ٥) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) "خودا تواناداره به تەواوەتی " یەرمیا ٣٢: 17 |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن "خودا تواناداره به تەواوەتی " یەرمیا ٣٢: 17 .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) هاوڕێی داکۆکیکارو بێوەژنە |

"نمونەی هاوڕێ داکۆکیکارەکە" لە لۆقا ١١: ٥- ١٠ وە نمونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە لە لۆقا ١٨: ١- ٨ دا هاتوون و تایبەتن بە نوێژی ئازایانەو بە کوڵ وبەردەوام لە شانشینی خودا .

أ. نمونەی هاوڕێ داکۆکیکارەکە

لۆقا ١١: ١- ١٠ .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

عیسا بە شێوەی پرسیار لەم نمونەیەدا دەدوێ وە پرسیارەکە ئەوەیە کە عیسا دەیخاتە ڕوو ئەو دۆخەیە وەك وێنەیەك لە ئایەتەکانی ٥ و ٧ لەگەڵ هەندێ تۆندی لە ئایەتی ٧ وە عیسا وەڵامیش پێشکەش دەکات لەبارەی ئەم پرسیارەوە لە ئایەتی ٨ دا .

چیرۆکەکە تایبەتە بە سێ هاوڕێ وە .

وە بۆ جیاکاری لەنێوان ئەو سێ هاوڕێیەدا . پێیان دەوترێ هاوڕێی خاوەن پێویستی و هاوڕێی داکۆکیکار و خاوەن میوان وە هاوڕێی بەتوانا .

داواکاری خاوەن میوانەکە یان هاوڕێ داکۆکیکارەکە .

دەرنگانێکی شەوە و لەناکاو هاوڕێیەکی خاوەن پێویستی لەبەردەم دەرگاکەیەتی ئەم میوانە زۆر خاوەن پێویستی و ماندوە لەگەشتێکی دوورەوە هاتوە و ئێستا برسیە تاد.. وە داوای لەو هاوڕێیەی کرد کە بەتوانایەو دەتوانێ سێ نانی بە قەرز بداتێ و بەڵێنی دا کە بۆی بگەڕێنێتەوە لە ڕۆژێی دواتردا .

وەڵامی گونجاوی هاوڕێ بەتواناکە .

ئایا هاوڕی میوانەکە وەڵامی نێگەتیڤ وەردەگرێ لە هاوڕێ بەتواناکەی ؟ لە ژیانی ئاسایی سەر زەوی دەکرێ بڕوانیتە هاوڕێی بەتوانا وەك کەسێکی ڕاڕا ، بگرە وەك کەسێك کە نایەوێ هاوکاری هاوڕێ خاوەن پێویستیەکەی بدات و ببەخشێ .

سێ نان .

ئەو نانانە خڕو تەخت بوون وەك نانی عەرەبی سێ دانە لەوانە مرۆڤێکی تێر دەکرد وەك ژەمێکی تەواو .

## ٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١١: ١- ٤ .**

یەکێك لە قوتابیەکانی عیسا داوای کرد فێری نوێژیان بکات وە کاتێ فێری کردن چۆن نوێژ بکەن "نوێژی خوداوەند" وەك بەرورددێک بە نوێژی خوداوەند کە هاتوە لە مەتا ٦ دەبینن ئەو دەقە هاتوە لە لۆقا ١١ بە شێوەیەکی کورت تر . چونکە داواکاریەکانی سێ یەم وچوارەم لە دەقی مەتا داواکاریەکانی دوەم و پێنجەم لە خۆ دەگرێ لە دەقی لۆقادا .

.

**ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١١: ٥- ٧ .**

**ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە کە هاتوە لە لۆقا ١١: ٨- ١٣ .**

دەبێت ئەنجامی جێبەجێکردنەکە لە چیرۆکە هاتوەکەوە بێت و بانگراوندی ئەم چیرۆکەوە بێت . بۆ شرۆڤەکردنی لۆقا ١١: ٩- ١٣ بڕوانە پاشکۆی ١ لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١١ .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەکان** .

عیسا یەك خاڵ بە وردەکاریەوە شرۆڤە دەکات ئەویش ئازایەتی پیاوەکەیە.

وردەکاری گرنگ وسەرەکی سێ هاوڕێکە .

ئازایەتی و بەکوڵ داواکاریی داکۆکیکارەکە بنەمایەکی گرنگ وسەرەکین.

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

نمونەی هاوڕێی داکۆکیکار لە لۆقا ١١: ٥- ١٣ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " نوێژی بە کوڵ و بەردەوام لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " جگە لە مەبەست بەڵام هاوڕێی زەوی هاوکاریمان دەکات لە دابین کردنی پێویستیەکانمان و بەدەنگەوە هاتنیان بۆ داواکاریمان بەڵام هاوڕێی ئاسمان هەمیشە وەڵامی داواکاریەکانمان دەداتەوە بە ئازایانەو بەردەوامی . ئایەتی ٨ بخوێنەوە .

نوێژ یان داکۆکیکردنی ئازایانەو بەردەوام یەکێکە لە نیشانەکانی شانشینی خودا ! گەلی شانشینی خودا نوێژ دەکەن و داکۆکی دەکەن بە

ئازایانەو بێ ترس وە بە کۆڵ داوادەکەن و بە متمانەوە بێ هەست کردن بە شەرم . عیبرانیەکان ٤: ١٦ . هەروەها بڕوانە ڕۆما ٤: ٢٠- ٢١ .

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

نوێژ بکە بە ئازادی و متمانەوە . عیبرانیەکان ٤: ١٦ بخوێنەوە " بۆیە با بە متمانەوە لە تەختی نیعمەت بچینە پێش، بۆ ئەوەی بەزەیی وەربگرین و نیعمەت بدۆزینەوە تاکو لە کاتی پێویستدا یارمەتیمان بدات " بڕوانە عیبرانیەکان ١١: ٦ .

بە وشەی زۆروبۆر نوێژ مەکە کە پێویست نین .

مەتا ٦: ٧ بخوێنەوە .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار پێویستیە ڕاستەقینەکان ببینێت .

دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار هاوڕێکەی خۆش بوێ و بەبێ خۆویستی . لۆقا ٩: ٢٣ وە ١کۆرنسۆس ١٣: ٥ .

دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار ئەو ڕاستیە بزانێ کە لاوازە لە پێشکەشکردنی هاوکاری .

هاوڕێ داکۆیکارەکە ئامادە بوو هاوکاری هاوڕێ خاوەن پێویستیەکەی بکات بەڵام هیچی نەبوو تاکو بیداتێ ! وە هیچ توانایەکی نەبوو پێی ببەخشێ . چونکە ئەویش گەیشتبوە قۆناغی هەژاری و لاوازی ! ئەم هەستکردنە بە لاوازی لە پێشکەشکردنی هاوکاری وای لێکرد بچیتە دەرەوە بۆ داواکردنی هاوکاری ، بەڵکو سوالّیشی بۆ بکات ، وە دانی نا بەوەدا لەبەرامبەر هاوڕێکەیدا کە ئەو لاوازەو هەژارە و ووتی هاوڕێکەم لە گەشتەوە گەڕاوەتەوەو هیچم نیە تاکو پێشکەشی بکەم .

ئەم هەستە وای لێکرد نوێژ بکات و داکۆکی بکات . ئەمەش هانی خزمەتکاران دەدات تاکو هەست بە لاوازی خۆیان بکەن و نوێژ بکەن تاکو بەرەکەتی ئاسمانی لە خوداوە وەربگرن .

دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار بڕوای بە هاوڕێ بە تەوناکەی هەبێت تاکو هاوکاری بکات .

دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار نوێژ بکات بە ئازایانەو بە کوڵ .

دەبێت هاوڕێی داکۆکیکار دڵنیا بێت کە هاوڕێکەی بە توانایەو دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکات .

دەرئەنجام .

بە پشت بەستن بەوانەی پێشوو ، نیشانەکانی داکۆکیکاری ڕاستەقینە ئەمانەن : مەعریفەو زانیاری هەبێت لە پێویستیەکانی خەڵکی ، وە خۆشەویستی هەبێت بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی خەڵکی بە هەمان خۆشەویستی مەسیح ، وە باوەڕی بە خودای بەتوانا هەبێت کە دەتوانێ و حەز دەکات وەڵامی نوێژەکانی بداتەوە ، وە ئازایەتی و بە کوڵ داواکاری هەبێت هەرچەندە سەختی و ناڕەحەتی هەبن لەبەردەمیدا . وە دڵنیا بێت لەوەی خودا وەڵامی دەداتەوە لە کاتی خۆیدا .

ب . نمونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە .

لۆقا ١٨: ١- ٨ بخوێنەوە .

١. سروشتی چیرۆکی نێو نمونەکە تێ بگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەمایانە کامانەن چیرۆکەکە لە خۆی دەگرێت ؟

تێبینیەکان .

دادوەر . پێ دەچێت دادوەرەکان لەنێو شارەکاندا نیشتەجێ بووبن نەك لە گوند و شاروچکە بچوکەکان ، ئەم دادوەرە دژ بە خودا و خەڵکی بوو هیچ لە خودا نەدەترسا وە گوێی نەدەدا بە خەڵکی و کاروبارەکانیان ئەوەی گرنگ بوو بەلایەوە خۆی بوو . ڕەنگە ئەم پرسیارەی لە خۆی نەکردبێت ئایا خودا چی لە من دەوێ بیکەم ؟ یان خەڵکی چی بەلایانەوە باشە یان خراپە ؟ ئەو دادوەرە بەتاڵ بوو لە هەموو خۆشەویستیەکی بۆ دادپەروەریی وە هیچ بەزەیی بە ستەملێکراواندا نەدەهاتەوە ، یان بێ بەختەکانی نێو کۆمەڵگە .

بێوەژنەکە .

ئەو بێوەژنە وێنەیەکە بۆ ئەو کەسەی لاوازەو ستەملێکراوە ، بێوەژن لە کتێبی پیرۆزدا بەشێوەیەکی گشتی لەنێو گروپ و بەشیکدا پۆلێن کراون کە بێ بەخت و کڵۆڵن ، وە زۆرجار توشی ستەم و زۆرداری بوونە .

ڕوبەڕوبونەوە .

ئەم بێوەژنە بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کرا ، ڕەنگە کەسێك بێ بەشی کردبێت لە شتێك کە مۆڵکی بێوەژنەکە خۆی بوە یان مافێکی داگیرکراوە بۆیە ڕۆیشت بۆ لای دادوەرەکە و جەختی کردەوە لەسەر دۆزەکەی ، بەڵام دادوەرەکە قێزەون و تووندڕەو بوو وە ڕەتی کردەوە هاوکاری بکات ، بۆیە بێوەژنە دوبارە گەڕایەوە لای چونکە دەیزانی داوکاریەکەی دادپەروەرانەیەو مافی خۆیەتی داوای بکات .

بەکوڵ وبەردەوام داواکاریەکەی بێوەژنەکەو کۆڵنەدانی .

ڕوونە کە دادوەرەکە دەیزانی ئەو دۆزە دادپەروەرەو ڕاستیە ، بەڵام دەیزانی کە بەرتیلی ناداتێ و ئەو ژنەش هیچ پێگەیەك و ناوبانگێکی وەهای نیە لە شارەکەدا ، دوای ماوەیەکی کورت ژنەکە هەوڵی دایەوە دوبارە بەڵام گەیشتەوە هەمان ئەنجامی پێشوو لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا ! بۆیە دیسان گەڕایەوە بۆ لای دادوەرەکەو داوای مافەکەی خۆی کردەوە ، ئەو دادوەرە ستەمکار بوو ، لە کۆتاییدا دادوەرەکە هەراسان بوو لە بێوەژنەکە ئەوەی بێوەژنەکەی سەرکەوتوو کرد بەسەر دادوەرەکەدا کۆڵ نەدان و بەردەوامیی بوو !

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەکان** .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بە وردەکاریی نمونەکەی .

دادوەری ستەمکار .

دادوەری ستەمکاری خراپەکار و خودا دژ بەیەکن بە تەواوەتی . چونکە دادوەری ستەمکارو خراپەکار گرنگی وبایەخ نادات بە هیچ کەسێ جگە لەخۆی ، بەڵام خودا بایەخ دەدات بە خەڵکی بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە . عیسای مەسیح ئەم نمونەیەی بەکار هێنا وەك بەراوردێك لەگەڵ خودای دادپەروەر .

کۆڵ نەدان و بەردەوامیی بێوەژنەکە .

عیسا فەرومی بێوەژنەکە بەردەوام بوو ئەمە تەنها خاڵە کە عیسای گرنگیی پێدەدا بە تایبەتی لە نمونەکەدا و لە ئایەتی ١ و ئایەتی ٧ ڕوونی دەکاتەوە . ئەمەش تاکو باوەڕەکان تاقی بکرێنەوە لەوەی خودا بە خێرایی کاردەکات و هەروەها بزانن کە خودا جیاوازە لەو دادوەرە خراپەکارەی زەوی .

## ٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

| |
|---|
| نمونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە لە لۆقا ١٨: ١- ٨ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " نوێژی بە کۆڵ و بەردەوام لە شانشینی خودا " .<br>پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " تەنانەت دادوەری خۆویست و ستەمکاری سەر زەوی دەشی لە کۆتاییدا داواکری بێوەژنەکە جێبەجێ بکات بە هۆی کۆڵنەدان و بەردەوامیەوە بەڵام خودای ئاسمان دادپەروەرەو خۆشەویستە و بێ سنور دەتوانێ وەیەوێ زیاتر کار بکات بەرامبەر بەوانەی مافیان هەیەو بە کۆڵنەدان وبەردەوامیەوە داوای لێ دەکەن . |

ئیدی عیسا کۆتایی بەم نمونە هێنا لەسەر شێوەی پرسیارو ئاڵنگاری لە جێبەجێکردنیدا . ئەم پرسیارەی نەخستە ڕوو بۆ گومان کردن بەڵکو بە ئامانجی پشکنینی ناخ .

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

دەرچوون ٢٢: ٢٢- ٢٣ ؛ وتەکان ١٠: ١٨ ؛ زەبور ٦٨: ٥ بخوێنەوە .

ئەگەر لاوازەکان و بەدبەختەکان لە کۆمەڵگەدا بخەڵەتێنن وەکو بێوەژن و منداڵانی بێ سەرپەرشت و هاوار بکەن بۆ خودا ئەوا خودا گوێی لە هاوارەکانیانە ، خودا بە توانایەو کار دەکات خودا مەزنە و لایەنگیری کەس ناکات لەسەر حسابی کەسانی تر و بەرتیل قبوڵ ناکات و بەرگری دەکات لە دۆزی بێ سەرپەرشتان و بێوەژنان . خودا باوکی ئەوانەیە کە بێ باوکن ، وە بەرگری دەکات لە بێوەژنان و لاوازەکان . بە هەمان ئەو شێوازە خودا گرنگی وبایەخ دەدات بە باوەڕداران ئەوانەی بە کوڵ نوێژ دەکەن و کۆڵ نادەن .

کێن ئەوانەی هەڵبژێردراوی خودان ؟

یەرمیا ٣١: ٣ ؛ لۆقا ١٠: ٢٠ ؛ یۆحەنا ٦: ٤٤ ، ٣٧ ؛ کردار ١٣: ٤٨ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ ؛ ٩: ٦- ٢١؛ ١١: ١-٨ ؛ ئەفسۆس ١: ٤؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩- ١٠ ؛ ١پەترۆس ١: ١- ٢ ؛ ٢: ٤- ١٠ ؛ بینین ٧: ٣ ؛ ١٣: ٨ بخوێنەوە ، هەڵبژێردراوانی خودا دەستەواژەیەکە پێناسەی باوەڕدارانی عیسای مەسیحی پێ دەکرێ .

ئەو جۆرە بەڵێنانەی خودا کە دێنە دی کامانەن بە درێژایی سەردەمی پێش هاتنەوەی دووەمی ؟

زەبور ٣٤: ١٨- ١٩ ؛ ئیشایا ٤٣: ٢؛ ڕۆما ٨: ٢٨ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ١٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ١٧ بخوێنەوە .

خودا ئازادمان دەکات و دەرمان دەهێنێت لە کێشەکانمان . ئەو لەگەڵمانە لەکاتی ناڕەحەتی و تەنگانەو چەوسانەوەدا .

**ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی ئەم نمونانە لەبارەی نوێژی بەکۆڵ و ئازایانەو کۆڵنەدان لە شانشینی خودا .**

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرکەی فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

عیسای مەسیح نوێژی بە کۆڵ و بەردەوام بە کارێکی گرنگ باس دەکات و فێرمان دەکات لەو بارەیەوە . بۆیە سێ نمونە لە کتێبی پیرۆزدا لەمبارەیەوە هاتوە لە مەتا ٧: ٧- ١٢ وە لۆقا ١١: ٥- ٨ وە لۆقا ١٨: ١- ٨ .

ئینجا ڕەنگە سەختی هەبێت تیاماندا لە نوێژەکانماندا . پوختەی سەختیەکان ئەوەی تایبەتە بە نوێژەکانمان لە ئیشایا ٥٩: ١- ٢ دا هاتوە هەروەها بڕوانە مەتا ٧: ٧- ١٢ وە بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١١و پاشکۆی ١.

ڕەنگە سەختی تایبەت بە نوێژەکانمان لە جیهان ودەروبەرماندا هەبێت.

ئەفەسۆس ٦: ١٢ بخوێنەوەو هەروەها بڕوانە دانیال ١٠: ١٢- ١٣ ؛ مەرقۆس ٩: ٢٥- ٢٩ .

ڕەنگە سەختی تایبەت بە نوێژەکانمان هەبێت لەلایەن خوداوە .

وەکو نمونەی هاوڕێ داکۆکیکارەکەو بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە .

هەروەها بڕوانە زەبور ٣٢: ١- ٥ وە دانیال ٩: ١- ٢٣ وە کۆلۆسی ٤: ١٢- ١٣ وە زەبور ٥١: ١- ١٧ .

سودە مەزنەکانی نوێژی بە کوڵ و کۆڵنەدان .

ڕەنگە هەست بەوە بکەین کە لۆژیکی نیە خودا داوامان لێدەکات بە ئازایانەو کۆڵنەدانەوە نوێژ بکەین ، بەڵام لە ژیانی جەستەییماندا دەزانین کە ڕاهێنان ومەشقی بەردەوام ماسولکەکان بەهێز دەکات و گەشەیان پێدەکات ، وە کارکردن بە باشی ، توانای خۆڕاگری زیاتر دەکات . وە ناڕەحەتی و سەختیەکان کەسایەتی گەشە پێدەکات وە لە جیهانی فێرکردندا زاڵ بوونی ڕۆژانە بەسەر بابەتە عەقڵیە نوێیەکاندا چاوکراوەیی و دانایی گەشە پێدەکات .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " هاوڕێیی داکۆکیکار و نمونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەندەکان ٦، ٧ ، ٨ ، ١٠. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی " مەزنیی خودا ١ - ٥ " .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 8: ١- 17. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .